# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی هەژدەیەم: خواستن

# الفقه الميسر : كتاب المعاملات : الباب الثامن عشر : العارية

< كوردی - كردي - kurdish >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء



وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# خواستن ( العارية )

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی لە بارەی خواستن ( العارية ) سێ بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : مانای خواستن ( العارية ) وبەڵگەی دروستی ومەشروعیەتی، بابەتی دووەم : مەرجەکانی خواستن ( العارية )، بابەتی سێهەم : هەندێك حوکمی پەیوەست بە خواستن ( العارية ) .

**بابەتی یەکەم : مانای خواستن ( العارية ) وبەڵگەکانی دروستی ومەشروعیەتی :**

1- **مانای خواستن ( العارية ) :**

2-مەبەست لە ( العاريە ) خواستنی شتێك وسوود لێ بینییەتی لەگەڵ مانەوەی ئەصڵی شتەکە و نەفەوتانی، وەك ئەوەی کەسێك ئۆتۆمبیلی کەسێکی تر وەربگرێت بۆ ئەوەی گەشتێکی پێ بکات و پاشان بۆ بۆی بگێڕێتەوە .

3-**بەڵگەکانی دروستی ومەشروعیەتی خواستن ( العارية ) :**

4-خواستن ( العارية ) کارێکی موباح وڕێگاپێدراوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، لەم بارەیەشەوە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ ﴾ [1] .

واتا : لەسەر چاکە وخواناسی وپارێزکاری هاوکاری و کۆمەك ویارمەتی یەکتربدەن .

هەروەها دەفەرمویێت : ﴿ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ﴾ [2] .

(1) سورەتی المائدة : ئایەتی : 2 .

(2) سورەتی الماعون : ئایەتی: 7 .

واتا : هەموو جۆرە یارمەتییەکیش لە خەڵکی دەگرنەوەو کۆتایی و دریێغی دەکەن. بەڵێ.. مرۆڤ وا دروستکراوە کە بەتەنها خۆی ناتوانێ پێداویستییەکانی ژیانی خۆی جێبەجێ بکات، بۆیە پێویستیی بەدراوسێ و ئەم و ئەو هەیە، ئەویش دەبێ داوای هەرچی لێکرد بە خواستن، بیداتێ و، دەستی لێ نەقوچێنێ، لە دەرزییەکەوە، هەتا پەرداخێك، تەورێك، پاچێك...هتد. مرۆڤی نوێژ خوێنی راستەقینە ئاوایە، بەڵام مرۆڤی دووڕوو، ریبابازو دەست قووچاووو بێ خزمەتە .

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەخراپی باسی ئەو کەسانە دەکات کە دراوسێیەکیان یان کەسێك داوای شتێکیان لی بکات و ڕەدیان بکاتەوە و نەچێت بەدەم داواکاریەکەیانەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر چاکی و موباحی خواستن لای خوای گەورە .

هەروەها صەفوانی کوڕی ئومەییە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە و دەڵێت : { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) استعار منه أدرعا يوم حنين }[1] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لەڕۆژی غەزوەی حونەیندا چەند زرێیەکی جەنگیان لێ بە خواستن وەرگرت .

هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیکیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە و دەڵێت : { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) استعار فرسا من أبي طلحة ( رضي الله عنه ) }[2] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ئەسپێکی لە ئەبو طەلحە ( خوای لێ ڕازی بێت ) بە خواستن وەرگرت .

**دووەم : مەرجەکانی خواستن ( العارية ) :**

1- دەبێت ئەو کەسەی کە شتەکە دەخوازێت و ئەو کەسەش کە خواستنەکە دەدات هەردووکیان لەو کەسانە بن شایستە و ئەهلی بەخشین و تەبەڕوع بن، وە ئەو شتەش موڵك ومالی ئەو کەسە بێت کە بە خواستن دەیدات بەوی تر .

---

(1) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (ج222/4) هەروەها ئەبو داودیش بە فەرموودەی ژمارە (3563) ڕیوایەتی کردووە،، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی ( الإرواء ) : فەرموودەی ژمارە (1513).

(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان : بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2627) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (2307) ڕیوایەتیان کردووە .

2- دەبێت ئەو شتەی کە بەخواستن دەدرێت، سوود لێ وەرگرتنی موباح ودروست بێت، بۆیە دروست نیە کاسێتی گۆرانی و هاوشێوەکانی بە خواستن بدرێتە کەسێکی تر، هەروەها دروست نیە دەفرێکی زێر یان زیو بۆ خواردن وخواردنەوە بە خواستن بدرێتە کەسێکی تر، هەروەها هەر شتێکی تر کە خوای گەورە حەرامی کردبێت دروست نیە کە بە خواستن بدرێتە کەسیکی تر، چونکە ئەو شتەی دەخوازرێت یان بەخواستن دەدرێت بەکەسێکی تر حەڵاڵ بێت .

3- دەبێت ئەو شتەی بە خواستن وەردەگیرێت ئەصڵی شتەکە بمێنێتەوە ونەفەوتێت، بۆیە ئەگەر هاتوو لەو شتانە بوو کە تەواو دەبێت دروست نیە بخوازرێت و پێی بوترێت خواستن، بەڵکو بەخشین گونجاوە بۆی نەك خواستن .

**بابەتی سێهەم : هەندێک حوکمی پەیوەست بە خواستن ( العارية ) :**

1- دروست نیە ئەو کەسەی کە ئەو شتەی دەیخوازێت بە خواستن بیدات بە کەسێکی تر، چونکە موڵکی خۆی نیە و ئەو خاوەنی نیە، هەروەك چۆن دروست نیە بیشیدات بەکرێ، مەگەر کاتێك نەبێت مۆڵەت لە خاوەنەکەی وەربگرێت .

2- ئەو شتەی دەخوازرێت ئەمانەت وسپاردەیە لەدەستی ئەو کەسەی خواستویەتی، بۆیە واجبە زۆر باش پارێزگاری لێ بکات، ودوای ئەوەی کە پێویستی پێ نەما و کاتەکەی تەواو بوو چۆن لە سەرەتاوە وەری گرتووە بەو شێوەیەش بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، جا ئەگەر هاتوو خراپی کرد یان لەناوی برد یان کەمتەرخەمی کرد لە پاراستنی دەبێت بیبژێرێت بۆ خاوەنەکەی، ئەویش بەوەی هاوشێوەکەی بۆ بکرێتەوە، یاخود ئەگەر دەستی نەکەوت نرخەکەی پێ بداتەوە .

3- گرێبەستی خواستن گرێبەستێکی ئیلزامی نیە، بۆیە خاوەن شت وکاڵای خوازراو هەرکاتێك وویستی دەتوانێت ئەو گرێبەستە هەڵبوەشێنێتەوە و پەشیمان بێتەوە، ئەگەر هاتوو زیانی بە کەسی خوازەر نەدەگەیاند، بۆیە ئەگەر هاتوو زیانی پێگەیاند دروست نیە پەشیمان بێتەوە لێی .

4- خواستن بەچەند شتێکی کۆتایی دێت، وشتی خوازراویش دەگێڕرێتەوە بۆ خاوەنەکەی بەچەند شتێك : -

- ئەگەر هاتوو خاوەنەکەی داوای کردەوە، ئەگەر چی ئەو مەبەستەش ئەو شتەی بۆ خوازراوە بەدی نەهاتبوو .

- بە تەواو بوونی ئەو مەبەستەی کە شتەکەی بۆ خوازراوە، بۆ نموونە : ئەگەر هاتوو کەسێك ئۆتۆمبیلێکی وەرگرت لە برادەرێکی بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی ماڵەکەی، ئەگەر هاتوو ماڵەکەی تەواو گواستەوە، ئیتر ماوەی خواستنەکەیش کۆتایی دێت .

- بەتەواو بوونی ئەو ماوەیەی کە شتەی بۆ خوازراوە، ئەگەر هاتوو بۆ ماوەیەك خوازراو بوو، بۆ نموونە : ئەگەر کەسێك جلوبەرگێکی وەرگرت لە برادەرێکی بۆ بەکارهێنانی لە بۆنەیەکدا، ئەگەر هاتوو بۆنەکە وموناسەبەکە کۆتایی هات، ماوەی خواستنەکەش کۆتایی پێ دێت .

- بەمردنی یەکێك لەو دوو کەسەی کە شتەکەیان خواستووە، یان داویەتی بە خواستن، گرێبەستی خواستنەکەش کۆتایی پێدێت، چونکە بە مردنی یەکێکیان ئیتر گرێبەستەکە بەتاڵ دەبێتەوە .

- ئەو کەسەی کە شتەی خواستووە، وەك کرێچیەك : خۆی یان بریکارەکەی دەتوانێت سوود و نەفع وەربگرێت لەو شتەی خواستویەتی، چونکە خاوەن مولکی خوازراو ئەو مۆڵەتەی داوە بە خوازەر .

- دەبێت خاوەن ماڵ بزانێت، ئەو ماڵەی ئێستا لەدەستی ئەودایە، مانای ئەوە نیە کە ئەو بەڕێزترە لەو کەسەی کە خوای گەورە ئەو شتەی پێنەداوە، چونکە خوای گەورەی وبەرز وبڵند خاوەنی ڕاستەقینەی هەموو شتێکە، بەندەکان تەنها وەك خاوەنێکی کاتی ئەو شتانەن، دەسەڵات و مولك لە نێوان کەسەکاندا دەستا ودەست دەکەن، وەك خـوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ﴾[1] .

واتا : ئێمە ئەو ڕۆژگارانە دەستاو دەست پێ دەکەین لەناو خەڵکیدا .

ئەمڕۆ کەسێك هەژار و نەدارە، سبەینی پێدەچێت خوای گەورە بیکات بەخاوەن مولك وماڵ، ئەو کەسەشی کە دەوڵەمەند و خاوەن مولك وماڵە، پێدەچێت ڕۆژگارێك بێت کە هەژار بێت و

(1) سورەتی ال عمران : ئایەتی : 140 .

موڵك وماڵی نەمێنێت و تیا بچێت، بۆیە كەسی ژیر و خاوەن فام ئەو كەسەیە ئەمڕۆ كە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارە لە پێناو خوای گەورە ببەخشێت، وهەركاتێكیش كەسێك داوای پێویستیەكی لێكرد دەست نەنێن بەڕوویەوە و وەڵامی نەرێنی نەداوەتەوە .

وە پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی : ﴿ وَاللَّهُ في عَوْنِ الْعَبْدِ ما كان الْعَبْدُ في عَوْنِ أَخِيهِ ﴾ (1) .

واتا : خوای گەورە لە یارمەتیدانی بەندەكەیدایە مادامێك بەندە لە یارمەتی دانی براكەیدا بێت .

[ لەخوای گەورە و میهرەبان داواكارین گیانی یارمەتیدان و هاوكاری لە ناو كۆمەڵگەی موسڵماناندا زیاتر برەو پێ بدات، وە بەرەكەت بخاتە ماڵ وموڵكی ئەو كەسانەش بەخشندەن و خۆیان بەخاوەن ماڵ نازانن لە ئاست ئەو كەسانەی كە پێویستیان بەماڵ و موڵكی ئەوان هەیە، ئامین یارب العالمین] وەرگێڕ

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (2699) و وئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (4946) و تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە( 01430) و ئیبنو ماجە بە فەرموودەی ژمارە (225) ڕیوایەتیان كردووە .